# رەهبەر جەلال  هونەرمەند و رۆژنامەنووس

2006/4/6 – 1998/4/6



هەنەرمەند رەهبەر جەلال حەمەد مامەش لە ساڵی 1953 لە شاری کۆیە لەدایک بووە...قوتابخانەی ناوەندی لە شاری هەولێر تەواو کردووە...ساڵی 1970 لەگەڵ هەندێک لاوانی شاری کۆیە ،تیپی شانۆگەری [کەکۆن]دادەمەزرێنی...پاشان دەچیتە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەشی



نیگارکێشان لەبەغدا...رۆژی 11ئایاری ساڵی 1974 بەغدا جێ دەهێڵی و دەچیتە ریزی شۆڕش ، لەوێش لە بەرێوەبەرایەتی راگەیاندن کاردەکات...لە ساڵی 1977 دا لە بەشی جموجۆڵی هونەری شاری هەولێر دا بە پشکنەری رێبەری وانە هونەرییەکانی قوتابخانەکانی هەولێر دادەمەزرێ...ساڵی 1977 پێشانگای یەکەمی خۆی نیشان دا...ئەندامی کۆمەڵەی هونەر و وێژەی لقی هەولێربوو...ساڵی 1983 دەگاتە یۆگسلاڤیا، لەگەڵ هونەرمەند و رۆژنامەنووس رزگار رەنجەرۆ گۆڤاری کورد دەردەکەن...ساڵی 1984 دەچێتە یەکێتی سۆڤیەت و لە مۆسکۆ لە ئەکادیمیای بەرزی هونەری سوریکەڤ خوێندن تەواو دەکات...ساڵی 1991 دەچیتە فینلاند...لە فینلاند کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتیمانی کوردستان ی دامەزراند...زیاتر لە 30 ژمارەی لە گۆڤاری دڵانپار دەرکرد...گەلێک چالاکی لەو وڵاتە نواندووە و جێگای پەنجەی دیاربوو...لە 1998/4/6 لە یەکێک لەنەخۆشخانەکانی شاری هێلسینکی دڵە مەزنەکەی لەکار دەکەوێت و ماڵئاوایی لە کوردستان دەکات...

لە چلەی رەهبەر جەلال {1953 شاری کۆیە ـــ 1998/4/6 شاری هێلسینکی /فینلاند} لە ستۆکهۆڵم ئەو نووسراوەیەم پێشکەش بەو هونەرمەندە تێکۆشەرە کرد وا لێرەدا بۆ یادی رووحی ئەو خەمخۆرەی کوردستان جارێکی تر بڵاویدەکەمەوە.

.......................................................................................................................

لە ئاسمانی فەخردا شیعر بو باڵێکت ،  .

ئەوەی ترت بە تەبیعەت شعووری میللی بوو ،

لە شەوقی حوسنی بتێ بوو ئەگەر خەیاڵێکت ،

ئەوەی ترت خەم و عەشقی وەتەن مەئالی بوو....[گۆران]



بەڕێزان

مانگی نیسان دوو دۆستی خۆشەویستی گواستمەوە بۆ جیهانێکی تر... یەکیان رەهبەری هونەرمەند بوو، ئەوەی تریان ئۆکتۆڤۆ پازی نووسەر بوو...رەهبەر جەلال وەکو هونەرمەندێکی سەرکەوتوو توانی لە یەکەم تاقی کردنەوەی ئامۆژگای لە سکۆپیای یۆگسلاڤیای پێشوو دەربچێ و بە قوتابی وەبگیرێ ئەمەش گەواهیە کە بەهرەمەند بوو...رەهبەر توانی بە تەنها ببێتە خەمخۆری گۆڤاری دڵانپار و هەتا رۆژی کۆچی دوایی لە دەرچوونی بەردەوام بوو، وادیارە خۆشەویستی بۆ رۆژنامەگەری وای لێکرد هەر لەو مانگەدا کە یادی 100 ساڵەی رۆژنامەگەری کوردی یە ئەویش ماڵئاوایی لە ووشەی کوردی بکات...دیارە ئەمەش رێکەوتە...بەختی رەهبەر باسی هێنا. بۆ یادی رەهبەر جەلال نووسراوێکی بچوکم نووسیبوو، بڕیارِ وابوو لە کاتی ناشتنی لەسەر قەبران لەگەڵی بدوێم...بەڵام بەداخەوە لەوێ بۆم نەکرا...ئەگەرچی تەنها من و ئاسمان و دەریاش بووین کەچی ووشەکان دەبوونە شریتە سینەماییەکەی یادگارانی کۆن و وێنەی ئەویان لەبەر چاوم لانەدەبرد...هەر بۆیە وا ئێستاکە بەیادی ئەو بۆ چلەی مەرگی هونەرمەند رەهبەر جەلال لێرەدا دەیخوێنمەوە...بیست و چوار ساڵ لەمەوبەر کاتێ لەگەڵ رەهبەر جەلال یەکترمان ناسی لە گازینۆی شیرین لە شاری پیرەهەولێر چ باسی فینلاند و هێلسینکی بە مێشکی ئێمەدا نەهاتبوو...کەچی رۆژی 1998/4/17 لە گۆڕستانی ئەو شارە لە یەکتر جیابووینەوە..

1953ــ 1998/4/6 کۆچە ئەبەدیەکەی رەهبەری برا

ئەوا ئەمڕۆ شار دەیەوێ

بخەوێ

خەونە سەوزەکانی

تێکەڵاوی خاک بکات

کاروان لە رێگایەکی دوور گەیشتە جێ

هەر کەسە بۆ خۆی ئاگردانێکی دامەزراند

هەر یەکە لەبەردەم ئاگردانی خۆی

چاوەڕوانی شەوە تاریک و درێژەکەیە

بەفریش خەریکە خۆی دەبەستێ

ئەو هەوارە هەتاکەی وا بێدەنگ دەبێ

ئەو شەقامە هەتاکەی بە تەنیایی دەژی

کەسیان حەز لە بوونی خەو ناکەن



چواردەورەی گیراوە و
تازە بە تازە حەز
لە گۆرانی
(کراس زەردێ) دەکات ـــــــ نەفرەت لە مردن دەکا
بۆ خۆشی لێوەکانی لێک دەدا و
(قژکاڵی لێو ئاڵێ) دەکاتە
دوا گۆرانی رووحی ـــــــ مردن لێ ی دەترسێ
فرمێسک خەریکە چاوەکانی داگیر بکا
تەنیا ((3)) دڵۆپ
خۆ لە چاوانی رزگار دەکا
ئای !! ئەمە دوا سەفەری رەهبەرە
نەخێر!! جارێ حەز لە سەفەری دوور ناکات
دەیەوێ وتارێک بۆ وڵاتەکەی بخوێنێتەوە
کات درەنگە و هەموو نووستوون
تەنها تۆی
خەو چاوەکانت داگیر ناکا
چەند سەدەیە
نیشتمانەکەت داگیر کراوە
چەند سەدەیە
خەو لە چاوانی شارەکەت زڕاوە
کەچی رووحی تۆ بە ئازادی خۆی
بۆ مرۆڤایەتی رەشبەڵەک دەبەستێ
ووشە لە گەرودا هەر چەندە هاوار ناکا
بەڵام پەنجەکانت فێرکردوون
یەکە یەکە وەکو باران ووشە ببارێنن
((دڵانپار)) بۆ نەوەی نوێ
چاپ بکەن
بۆ تۆ هێلسینکی خەریکە
خۆی دەپێچێتەوە
بەفر دەیەوێ بیبەستێ و هەناسەت بگرێ
بەفر لەبەردەم هەناسەی تۆ خۆی ناگرێ
{رۆژا و ئاسمان و کوردستان}
لە یاری خۆیان بەردەوامن
حەز ناکەن
چراکەیان لێرەدا
بکوژێتەوە و شەو میوانیان بێ
حەز دەکەن لە بەرامبەر رووی تۆدا
هەندێکی تر بحەسێنەوە
حەز دەکەن لەسەر شانی تۆدا





تۆزێکی تر بسرەوێنەوە
پەلە مەکە ئەمانە جارێ منداڵن
بەجێیان مەهێڵە
جارێ زووە و دڵانپار هەتیوو مەکە
بەبێ ناز بۆ کێ ی
جێ دەهێڵی
کام دەست جارێکی تر بۆی دەکرێ
گەرمی کاتەوە
تۆ یەک کەس بووی کەچی دەیان ناو
تۆ هەر یەک بووی کەچی دەیان مرۆڤ
تۆ تاقێک بووی کەچی سەد ژان
تۆ هەر بە تەنها بووی کەچی هەمووان
ئای ئەو هێزە لە کوێوە هات



بۆ کوێ رۆیی
هێشتا زووە جارێ لێرە
(شێرکۆ و هونەر) جێ مەهێڵە ـــــ غوربەت بە ئازارە
هێشتا زووە لێت بێزارنیین
ئەی [ریبۆکە] پەلە مەکە ـــــ (پەشێو) پەرێشان مەکە
ئێستا وا کۆڕمان گەرم کردووە
کەلاوەی خۆمان دروست دەکەین
کێ دەتوانێ بارانی
سەر چیای (هەیبەت سوڵتان)
بهێنێ بۆ ئێرە و
تۆی پێ تەڕ بکا
تۆ دەتویست چیای (باواجی)
بە باوەشتەوە بگری و
هەموو سەر لە بەیانیەک ماچی بکەیت
تۆ دەتەوێ مەرگی (حەمەی حەلاق)
بکەی بە چەکی تۆڵە و
جەلادی پێ توڕ بدەی
ئەوە کێ دەتوانێ ئەو هەموو رووحانە
لەگەڵ یەکتر تێکەڵاو بکات
ئەوە کێ بۆی دەکرێ
ئاوی (حەمامۆک)
بۆ ئەو رووبارە بەستووە بهێنێ
ئەگەر هەر هەموو رووحەکان
تێکەڵاوی یەکتر نەکرێن



خاڵە (تاهیر) چۆن دەتوانێ
بەبێ ئازار لە شارەکەی کۆیە بخەوێ
ئەو رووحانە هەریەکە بە تەنیا
بۆ سەما دەکەن
بۆ رەشبەڵەک دانابەستن
گیانەکەم ئازار مەچێژە
تۆ لەو سەفەرە بە تەنیا تووشی
نووسەری پێوەفا نابی
تۆ هەر جارێک
لەو غوربەتە
هەست بە تەنیایی ناکەیت
ئەرێ گیانە ئەو شارە
بۆ کێ وا خۆی دەپێچێتەوە
روو لە کوێ دەکا
ئەو پردانە
بەرە و کوێ رادەکەن
حەز لە ئاوی کامە هەوار دەکەن
ئەو بێچووە شێرانە ئارەزووی
باوەشی کێ دەکەن
ئا ئەمانە سەرەتای پرسیار و وەڵامی
یەکتر ناسینمان بوو
ئەی ئێستاکە سەیری کامە
پۆرترێتی تۆ بکەم
مۆمێکی تر لە بەردەمی وێنەی خۆت و هاوسەرەکەت
کەی داگیرسێنم
کەی دەتەوێ ئاڵاکەمان
لەسەر گۆڕی پیرۆزی خۆت هەڵبکەم
رەهبەری هاوڕێم
تۆ عاشقی رووبار بووی
رووباریش خەون بە رۆژ دەبینێ
تیشکی رۆژیش
سەما لەناو ئاو دەکا
پەپوولە زیندووەکان
بۆ رەهبەر و رووبار و رۆژ
پێدەکەنێ
تۆش بە گۆرانیەوە
ئالێرەدا جێمان دەهێڵی
چاک دەزانم رەهبەر
لە کۆماری بەفر



**بۆ شارەکەی حاجی قادر**
**دەگەڕێتەوە**
**گیرفانی پڕ دەکا لە شیرناتی**
**بۆ ئەو منداڵانەی سەر لەنوێ**
**لەدایک دەبنەوە**

**چاک دەزانم**
**ڕەهبەری برا**
**جارێکی تر دەگەڕێتەوە**
**دەگـــــــەڕێـــــــــــتـــــــــــەوە.....**

## فـــــەهـــــد گـــــــردەوانـــی

2006/4/1ستۆکهۆڵم

**ئەو تابلۆیانە هەمووی ئی (ڕەهبەر جەلال)ە و من وێنەی هەموو تابلۆکانم هەیە...**